# الاتحاد العام اللاجئين العراقيين
# INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES

---

**بۆ بەریز Fredrik Reinfeldt سەرۆك وەزیرانی سوید**

**سلاویکی گەرم** ...

بەناوی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی ئەم نامەیە بۆ بەریزاتان دەنووسم لەبەرامبەر بریارێك کە دادگای باڵای کۆچی سویدی رۆژی 26–2 داویتی بە دریژەنەکردنەوەی ئیقامەت بۆ زیاتر 1400 پەنابەری کوردی عیراقی وگیرانەوەی پەنابەرانی کورد بۆ کوردستان .

لەکاتیکدا ئەم پەنابەرانە زۆربەیان زیاتر لە4 سالە لەوولاتی سوید ژیان بەسەر دەبەن لەگەل خیزان ومندالەکانیان وە تەنانەت ژیانیان دامەزراندوە خزمەت دەکەن وژیانیان بەپی ی یاساکانی دەولەت جیکەوتووە و تاکس و کرێ و پیداویستیەکانی رۆژانەی خۆیان دابین دەکەن، هەروەها لەنیو ئەو پەنابەرانەدا کەسانیك هەن تا ئیستا منالانیان لەتورکیا جێماوە و لەیەك دابراون وە یان ژنانیکی بەتەمەن ونەخۆشن وئەم بریارە راستەوخۆ کاریگەری خراپ لەسەر باری دەروونی و تەندروستی یان بەجێ دێلێ.

لەوبارەوە بەناوی خۆم و پەنابەرانی کوردی عیراقی لەسویدو باقی وولاتانی تری ئەوروپا وبەناوی کەسوکاری ئەوپەنابەرانەوە لەکوردستان ئەوپەری نیگەرانی خۆمان دەبرین بەبریارێك کە وەزارەتەکەتان داویتی لەبەرامبەر ئەو پەنابەرانەی لەکوردستانەوە هاتوون ئەمە چاوەروان نەکراو بوو لەحکومەتی سویدی. بەتایبەتی کە ولاتی سووید یەکێك بووە لەو وولاتانەی کە زۆرترین ئیعتباراتی ئینسانی لە یاساکان و بریارەکانیدا جیگیرکردووە.

بیگومان رووکردنی خەڵکی عیراق وکوردستان بۆ ژیانی پەنابەری بەرهەمی دریژەکیشانی جەنگ و داگیرکاری و میلیتارزم و شەرو کیشمەکیشی ئاینی و قەومییەکانە لەعیراقدا، کەلەماوەی 16 سالی رابردوودا وبەدوای شەری یەکەمی کەنداو سالی 1991 درژەی هەیە.کەدیاری ئاکامە زیانبارەکانی کوردستانی لێ بەدەر نەکردووە. ئەمە ویرای ئەوەی کە تائیستا لەلایەن دەسەلاتدارانی کوردستانەوە، ئەم ناوچەیەش وەك بەشێك لە عیراق، تەئکیدی لەسەر دەکرن.

لەکۆمەڵگایەکدا کە هیچ سیمایەکی مەدەنی پێوە نەماوە و تیرۆر وتەقینەوە رفاندن و کوشتنی ئینسان و ئیغتیسابی ژنان ، نیشان ئەدات کەهیچ ئاستیك لە ئەمنیەتی کۆمەلایەتی و ژیان کردن بەئاسوودەیی نەماوەتەوە..

ئەوەشی کەدەوترێت "کوردستان ناوچەیەکی ئەمن و ئارامە" تەنها لەچاو بارودۆخی کوشت وکوشتارو تیرۆرو تەقاندنەوە و شەروکوشتاری تایەفەگەری نیو شارەکانی ناوەراست و خواروی عیراقدا، دەبینری و دێتەبەرچاو ئەگینا کوردستان ناوچەیەکی تەواو ناجیگیرەو کەس نازانی لەگەل هەر ئالوگۆریکی سیاسی دا چ بەلایەك رووەدەکاتە چارەنوسی خەلکەکەی وبەهۆیەشەوەیە کەرۆژانە سەدان خیزان و لاو کوردستان بەجێدەهێڵن وروودەکەنە وولاتەکانی دراوسێ وەیان ژیانی پەنابەریتی هەڵدەبژیرن. هاوکات ئیمە ئاگادارین کە رۆژانە کەسانیك لەکوردستانەوە بۆ داوای پەنابەریتی روولەولاتی سوید دەکەن. ئایە ئەوە ریگا چارەیە بە ناردنەوەی پەنابەران وەیان ناچارکردنیان بۆ گەرانەوە و قبولکردنی دۆزەخێك کە بۆیان هەڵخراوە.

**بەریزان**

16 سالە چارەنووسی خەڵکی کوردستان سپیراوە بەدوو ئەحزابی دەسەلاتدار(یەکیتی و پارتی)کە تا ئیستا بارودۆخی کوردستانیان بە ناجیگیری هێشتۆتەوە نە بۆ تە دەولەتێك کە مافو ئازادی یەکان وپێداویستیەکانی رۆژانی خەڵکی کوردستان دابین بکات وە نە بەشێکە لەدەولەتێکی جیگیر،لەکوردستاندا دەسەلاتێك هەیە کە سەرتاپای لە گەندەلی و فەسادی ئیداری و کۆمەلایەتی غەرق بووە ،دەستدریژی بۆ سەرمافەکانی خەڵکی کوردستان و زیندان وبێ سەروشۆین کردن و راونانی خەڵکی نارازی بەو دەسەلاتە ،تەقەکردن لەخۆپیشاندانی هیمنانەی خەڵکو پێشیلکاری بەرامبەر بە مافەکانی ژنان مندالان بەریۆەچوونی حکومی اعدام،بەردەبارانکردنی ژنان ، تووندکرنەوەی سەرکوتی سیاسی وخنکندنی نارەزایەتی یەکان بەرامبەر بەم دەسەلاتانە، هەڵسوڕاوانو رێکخەرانی خۆپیشاندانەکان دەستگیرو زیندانی دەکەن. چەندین هەڵسوڕاوانی ئەم نارەزایەتیانەو هەر دەنگێکی نارازیو پاڵپشتی خواستەکانی خەڵکو بە بیانووی جۆراجۆر یان بەبێ هیچ تۆمەتێك لە زیندانەکانی ئاکرێ، قەلاچوالانو کانی گۆمە و زیندانەکانی ئاسایشی پارتیو یەکێتی ئاخنراون. ئەو لایەنە سیاسیانەی کە پاڵپشتی خەباتو مافەکانی خەڵك دەکەن سەرکوت دەکرێنو هەڵسوڕاوەکانیان یان رەوانەی زیندان دەکرێ، یان هەولی تیرۆرکردنیان دەدریت،رۆژنامەنووسان دەرفینرین بەبێ هیچ پرۆسەیەکی یاسای ورەوانەی زیندانکان دەکرێن ئەم کردەوانە

ناكۆكه لەگەڵ هەموو پێوانەیەكی ئینسانی و مەدەنی بۆ مافەكانی خەڵك ئەوان پەیرەوی لێ دەكەن، تەنانەت راپۆرتی رەسمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا لەسەر پێشیلكردنی مافەكانی مرۆڤ لەكوردستان شایەتی دەدەن ، هەروەها راپۆرتی نەتەوەیەكگرتووەكانیش بەرۆشنی ئاماژەبە ناجیگیری وەزعی كوردستان دەدات

پێداوبستیەكانی رۆژانەی خەڵك لە ئاوكارەباو خزمەتگوزرایەكان بەتەواوەی هەڵوەشاوەتەوە داواشی بكەیت دەدریتە بەر تەقەو وە یان كونجی زیندانە نهینی یەكان جیگاتە ،لەمانەش گرنگتر ئایندەوە چارەنووس هەڵواسراوی خەڵكی كوردستان كە ئیلحاقكراوە بە حكومەتێكی قەومی عەرەبی ئیسلامی.

ئەمانەی سەرەوە هەموو ئەو هۆكارە سیاسی یانەن كە پەنابەرانی كوردستانی ناچاركردوە ژیانی پەنابەریتی هەڵبژیرن ،بۆیە داواكارم حكومەتی سویدی جارێكی تر بەو بریارەدا بچیتەوە بەچاوێكی ئینسانی یەوە لەكیشەی پەنابەرانی كوردی عیراقی براوانێت ،داواكاری :

1. **تازەكردنەوەی ئیقامەین بۆ ئەو 1400 كەیسەی پەنابەرانی كوردی عیراقی ودانی ئیقامەی دائیمی پیان .**
2. **هەڵوەشاندنەوەی هەر بریارێك بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی كوردی عیراقی بۆ كوردستان.**

**بەسڵاوی دووبارە**

**دەشتی جەمال**

**بەرپرسی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2007–4–27

d.jamal@ntlworld.com

---